# مامە بە پیری ئێسکی خۆیی سوك دەکاو بەدەست ماچکردنێکی

# سەنعان قەساب دڵی تورکیا نەرم دەکاو کەرکوك دەگێڕێتەوە سەرباشووری کوردستان

ڕۆشنا سلێمانی

پێش هەموو ووتنێك لە سەر کەسایەتی تاڵەبانی دەمەوێت چاوێك بە مێژووی فەلسەفەو فەرهەنگ و ووشە سیاسیەکان بخشێنم و بێنمە زمان, بزانم کام چین و توێژ دەتوانێت تایبەت مەندیەکانی تاڵەبانی لە خۆبگرێت و کام چەمك و ئەخلاق و سیاسەت و کلتوری کۆمەڵایەتی ئەم کەسایەتیە لە خۆی دەگرێت و نوێنەرایەتی کام چین و توێژ دەکات, بە پێی کام چەمك کاردەکات ئایا چەمکی نەتەوەیی ئایدۆلۆژی فەلسەفی کلتوری ئایینی ئەفسانەیی میتۆلۆژی کۆمەڵایەتی...هتد.

ئەگەر لە سەرەتایی دروست بوونی جیهانەوە بڕوانین و لە هەمان کات ئەو کاتەی کە کۆمۆنی سەرەتایی هەنگاوین بەرەو چین چین بوونناکۆمەڵگایی کۆمۆنی پێینایە گۆڕانکاری, کۆمەڵگایی کردە دووبەش یەك چینی سەردەست کە بە هۆیی پێشکەوتنی هزرەوە لە بەرژەوەندی خۆیان کەوتنە خوڵقاندی میتۆلۆژیا ئاینی ئەفسانەیەکان کە گوزارەی لە هەبوونی خوا دەکرد هەمان کاتیش خۆیان بە نوێنەری خوا دەزانی لە ناو کۆمەڵگا, ئەوەی تریش چینی بندەست بوو کە خۆیان ڕێگایان لە بەردەم ئەم زهینیەتە کردەوە بە شێوەیەکی ئارەزوو مەندانە ملکەچی بڕیارو یاساو ڕێساکانیان دەبوون لێرەوە کێشمەکێشمی ژیان لە پێشکەوتنی هزری مرۆڤەوە دەرکەوتە ناو گۆڕەپانی ژیان و سەرچاوەی ژیان ڕۆژبە ڕۆژ لە گۆڕانکاریی دابوو ئەمەش تا سەردەمی ئەمڕۆ پەرەی کێشاوە هەربەردەوامیش دەبێت.

لە سەرەتای دەرکەوتنی میتۆلۆژیاکان هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بە هەزاران فکرو ئایدۆلۆژیای جیاواز مۆرکی خۆیان لە مێژووی مرۆڤایەتی داوە, کە ئاخرینیان سیستەمی دیموکراتیە کە ئەمڕۆ لە هەموو دنیا پڕوو پاگەندەیی بۆدەکرێت و بە باشترین مۆدێلی سیستەمی ئەمڕۆی جیهانی دێت و هەمان کاتیش بە سەدان ناوی لێنراوەو هەریەك بە پێی پێوانە و بەرژەوەندیەکانی خۆی پڕوپاگەندەیی بۆدەکات, شوێنی سەرسوڕمانە هەر لە میتۆلۆژیا ئەفسانەیی ئاینیەکان هەتا سیستەمە علمانیەکان کە بە فەلسەفە دەستی پێکرد کۆتایی ڕۆژگاری ئەمڕۆی دیموکراتیە بە دەیان چین و توێژی جیاوازی لە خۆگرتووە, هەریەك بە سەدان پەرتووکی لە سەر نووسراوا بەڵام هیچ کام لە مانە ناتوانن کەسایەتی ئەم ...... وەك تالەبانی لە خۆی بگرێت, هەرچەند ئەم ..... خۆی بە سۆسیال دیموکرات ناوزەند دەکات بەڵام پێم وایە سۆسیال دکتاتۆریش نییە پێموایە جەلالیزمە کە بە پێی ئەقلی خلافاوو تێکەڵ و پێکەڵی لە هەر شوێنك بە ڕەنگ و جۆرێك خۆی نیشان دەدات وەك جنۆکە بەڵام سەدخۆزگەم بە جۆنۆکە....!!

ئەگەر کەمێك لە سەر کەسایەتی بۆژواز یان ووردەبۆژواز باس بکەین لەوانەیە ئەم چەمکە بۆ تاڵەبانی بەر لە دەساڵ لەمەوبەر هەندێك مەنتیقی بووایە, بەڵام بۆ ئەمڕۆی ئەم جانەوەرەی کە بۆ  کورد دروست بووە هیچ مەنتیق و لۆژیکێك ئەمەشی پێڕاوانابینێت لە بەر ئەوەی پرانسیپەکانی بۆژوازیشی هیچ کاتێك ئەم کەسە قبوڵ ناکات....!

کاتێك باس لە ئایدۆلۆژیا یان چەمکێك بکەین ئەوە هەرکەسێك لە ناو کۆمەڵگا بە زانا بوون بێت یان بە نازانی بێت نوێنەرایەتی چینێك دەکات جا هەر کامێکیان بێت, بەڵام ئەوەی تاڵەبانی نوێنەرایەتی دەکات باوەڕناکەم هەبوونی هەبووبێت لە مێژوودا چونکە هەتاکوئێستا ئەم فەلسەفەو سیاسەتەیی تاڵەبانی نوێنەرایەتی دەکات سەر بە هیچ کام لەو ئایدۆلۆژیاو سیاسەتانە نییە کە لە ڕابووردوو مۆرکی خۆیان لە مێژووداوە............

کاتێك لایی ئێمەی کوردو کەسایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, باس لە کەسێکی جاش یان کەسێکی گرێدراوی دەسەڵاتی سەردەست بکرایە لە ناو کۆمەڵگا بە چاوێکی سووك یان کەم سەیری دەکرا یان بە جاش و خیانەتکار یان دەیان ناوی جیاوازیان بۆ بەکار دەهێنا کە شایەنی ئەوکەسە بێت, چونکە پێوانە نەتەوەی‌و سیاسی‌و کلتوری‌و کۆمەڵایەتیەکانی پێشێل کردووە, لە بەر ئەوەی دەسەڵات و دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرژەوەندی چینێك یان کۆمەڵێك یان عەشرەتێك دەربازنەبوون, نەبوونەتە بنگەیەکی نەتەوایەتی کە بەگشتی کۆمەڵگا قبوڵیان بکات. جا ئەمە لە ژێر ناوی دەوڵەتێکی ئاسمانی و مەزهەبی بووبێت یان علمانی بێت یان لە ژێر هەرناوێك بووبێت, ئەمەش بۆتە هۆکارێك کە ڕێگە لە بەردەم ناڕەزایی گەل بکاتەوە هەردەم کێشە ناوخۆیەکان پەرە بسێنێت, هەرچەند چینی سەردەست لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان هەموو شتێکیان تێکلاو بە بوونی دەوڵەت کردووە هەرکەسێکیش لە بەرامبەر بە دەسەڵات دژایەتی کردبێت ئەوە بە خیانەت و کرێگیرا و تێکدەریان ناوزەند کردووە, ئەمەش ڕێگەی لە بەردەم زوڵم و زۆر کردۆتەوەو لە لایەن گەلیشەوە هەردەم پرۆتەستۆکراوە, تا گەشتۆتە ئاستی سەرهەڵدان و شۆڕش هەم لە ناو گەلی خۆیان هەم گەلانی بندەستیان........لە دەرئەنجامی ئەم کێشانە جاسووسی و جاشایەتی و بەرتیل‌و خیانەت‌و شۆڕشی چەواشە دەرکەوتن کە شایستەی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی مرۆڤ نییە. لە هەمان کاتیش کەسایەتی ئازادو خاوەن ئەخلاقی مرۆڤ سەرچاوەی خۆی لە پەرەپێدانی هێڵی مرۆڤایەتی دەپارێزێت کەوتۆتە پێش, ئەمەش پێوویستی بە ئیرادەیەکی بەهێزهەبووە کە بتوانێت نەکەوێتە ژێر کاریگەری هەندێك ووشەی بریقەدار یان لە پێناوی هەندێك هێزی مادیی کەسایەتی‌و ڕاستینەی خۆی نەفرۆشێت و تێکلاو بە چینی خوێنمژی سەردەست نەکات, مەرج نییە هەمووکاتێك دەسەڵاتی بۆگەن و خراپەکار لە چوارچێوەی دەوڵەتیش گرێبدەین, بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ نوێنەرایەتی ئەقلیەتی دەوڵەت دەکات زیاتر لە ژێرناوی شۆڕش خۆی مەڵاس داوە وەك گورگ لە پێستی مەڕدا, بە تایبەت لە شۆڕشە نەتەوەیەکان ئەم هێڵە بەرجەستە دەبێت و هێزی خۆی لە هەمان سەرچاوە وەردەگرێت ئەگەر چاوێك بە مێژووی گەلی خۆمان بخشێنین ئەوە باش ئەم هێڵە دەبینین وە بە تایبەتی لەم ساڵانەی دوای لە باشووری کوردستان دەتوانین بکەینە نموونەی هەرە زیندوو.؟ دوو هێزی بە ناو ووڵات پارێزو شۆڕش گێڕ دەبینین کە تۆوی خیانەت و جاشایەتی و تیجارەت کردن بە مرۆڤەوە چاند و کردیانە بەرهەمی ڕەنجی خوێنی سەدان هەزار شەهید, بە تایبەت لە بەرامبەر بە هەڵەبجە و ئەنفالە بەت ناوەکە...! ئەمەش هەردوو پارتی باشوور لە سەرەتایی دروست بوونیان هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە ژێرناوی کوردایەتی پەرەیان بە هێڵی چەواشەیی و دژە شۆڕشداوە کە ڕاستی چەوتی ئەمەنا بە هیچ ترازوویەك هیچ میکرۆب سۆبێك لە یەك جیاناکرێتەوە پێوانە ناکرێت, ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە هێڵێکی وا کە بتوانێت بە ساڵان بەردەوام بکات تەنها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم نەخشەکێشراوە بە شێوەیەکی باش لە لایەن هێزی ناوچە و هێزەکانی دەرەوە کێشراوە لە ژێر ناوی شۆڕشی نەتەوەی و کوردایەتی.! ئەمەش

بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە گەلەکەمان تا دواڕادە گرێدراوی نەتەوەبوونە لەم پێناوەش هەموو شتێکی خۆی بەخشیووە, بەڵام لە ڕاستیدا لە سەر نەتەوەبوونیش باش هەڵوێستەمان نەکردووە بۆیە نەتەوەپەرستیەك بە پێی هەرێم و عەشیرەو ناوچە خۆی بە سەرناسنامە نەتەوەیی ئەساسیدا کێشاوە کە ڕێگەشی لە بەردەم خەتەرناکیەکی گەورە کردۆتەوە لێرەشەوە کارەساتی گەورەی لێکەوتۆتەوە, لە هەمان کاتیش ئەم هێڵە لە ژێر ناوی کوردایەتی و ئازادی بۆتە هۆی شکاندنو لەتو پەت کردنی کەسایەتی ئازادیش, ئەگەر سەیربکەین لە ماوەی ئەم چارەکە سەدەیەی کۆتای باش هەست بەوە دەکرێت کە ڕۆحی ئازادی و نەتەوەی لە ژێرئەم ناوە چەندین کارەساتی دڵتەزێن و تاریکی هێنا بە سەر گەلەمان, لە هەمان کاتیش ئەم هێڵە دوای ئازادبوونی باشوور پەرەی سەندو بە هەزاران گەنج بوونە قوربانی شەڕە ناوخۆیەکان کە بە شێوەیەکی پڕخەتەرك و چەواشە هۆش‌و فکریان دەشێواند و لە پێناوی مەرامەکانی خۆیان بە کوشتیاندان, لەهەمان کاتیش ڕاستینەی ئەم دووسەرکردە جاش و خیانەت کارە کەوتە ڕوو کە ئەمانە هەمان کەسایەتی سەدامن کە بە بێ خوێن ڕشتن ناتوانن ژیان بکەن شەڕی دەساڵەی براکوژی و تەسلیم کردنەوەی سەدان کادێری باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕژێمی ئێران و تورکیا کە بە زیندووی بازرگانیان پێوە دەکردن یان لە سەر شەقامەکانی شارەکان دەکەوتنە بەر ڕەحمەتی چەکی دەستی شەلاتی و کۆنە جاش‌و تەواریەکان تاڵەبانی وبارزانی خیانەت چی لە بری هێزو هاریکاری و برایەتی خۆشەویستی بۆ براکانمان لە پارچەکانی تری کوردستان..؟!

بە ڕاستی ئەم مرۆڤە((تاڵەبانی)) لە ڕاستینەی وویژدان و ئەخلاق وپرانسیپی مرۆڤایەتی بەدەرکەووتووە.! نەوەك لە ئاستی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کوردایەتی ئایدۆلۆژی خۆی لایدابێت.؟! بە هەر حاڵ ئەگەر تاڵەبانی بە پێی پێوانە نەتەوەیاکان بیرنەکاتەوە ئەوە دەمانووت مامە بۆتە کەسایەتیەکی ئەنتەرناسیۆنال و لە هەمان کاتیش بە گیفارەی کورد ناومان دەبرد. ڕاستە لەوانەیە ئەمڕۆ مامە بڵێت سنوورەکان بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گرانی خۆیان لە دەست داوە بۆیە بیرکردنەوە لە سەر ئاساسی نەتەوە کورت دەهێنێت.! بەلام لە هەمان کات جیاوازی شاری سلێمانی هەولێروکەرکوکیش دەکات.؟ ئەگەر تاڵەبانی هیچ جیاوازیەکی لە نێوان ئەتنیك‌و نەتەوەکان ئایین و ئایدۆلۆژیا و هیچ چین وتوێژێك نەکردایە ئەمە مایەی شانازی کورد بوو, هەرچەند لە لایەن گەلی ئێمەشەوە هەندێك ڕەخنەی لێبکرایە یان بە شێوەیەکی تر ناویان بهێنایە. بەڵام ئەو کارەکەری خۆفرۆشتن‌و خزمەتەی تاڵەبانی لە پێناوی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی سەردەست کۆنەپەرست کە دوژمن بە ئازادی نەتەوەکەی خۆشیەتی نەوەك کورد دەیکات لە ژێر ناوی سیاسەت و ئەجری دراوسێیەتی......

ئەوەی ئەمڕۆ تاڵەبانی و بارزانی لە سەر گەلەکەمان پەیڕەوی دەکان سەد خۆزگە بە زووحاك دەخوازین ئەگەر زووحاك دوو هەژدیها لە سەر شان بووبێت, بەڵام ئەمانە سەدان هەژدیهایی دووسەر لە سەر شان وورگیان دایە, بۆیە وا بەردەوام لە پێناوی شەڕ هەموو هەوڵ و تەقەلایەك دەدەن. تەنها بۆئەوەی هەژدیهاکانیان چاویان تێربێت.؟ ئەمەش بە خوێنی لاوەکانی کورد تێردەکەن لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ, شێخ حوسامەدینی باوکی تاڵەبانی هەتامرد هەر جاشی سەدام بوو بەڵام لە تالابانی باشتربوو بارزانیش هەتا مرد هەر جاشی شای ئێران بوو, قسەیەکیش بۆ دزبکەین ئەمانەش هەر کوڕی ئەوان بە ڕاستی شوێنی باوکی خۆیان گرتۆتەوە.........................

لێره بابێینه ناو باسەکە هەرکەسێك دیکۆمینتەری تاڵەبانی دیتبێت کە دەستی سەنعان قەسابی تورکمان ماچ دەکاودەڵێت با هەندێك ئێسکم سووك بێت و سەردانەکانی بۆ تورکیاو قسە ماعقولەکانی تاڵەبانی کە لە بەرامبەر بە ڕەنجو خەباتی گەلەکەمان نیشانی دەدات و دەستی هاوکاریان بۆ درێژدەکات مایەی شانازیە بۆ یەکێتی نیشتمانی. بە هەر حاڵ ئەوەی من زانیاریم لە سەرسەنعان قەساب هەیە کۆنە بەعسی بووە جا بۆ مامە بچوایە لە سجن دەستی سەدامی ماچ بکردایە باشتر نەبوو چونکە خۆهیچ نەبێت ئاغاکەی سەنعان قەساب لە سجنە مامەش بە ئاسانی دەتوانێت بچێت سەفەرتازێك خواردنی بۆ بەرێت و دەستی ماچ بکات چونکە کۆن ئاغای خۆی بووە برادەریشیان باشە.! ئەمە لەلایەك سەنعان قەساب ئەوەتەی کەرکورك ئازاد بووە لە بەرامبەر بەخەڵکی کورد لە کەرکوك لە پیلان و ئاژاوەگێرپیدایە بۆ ئەوەی ئاوارەکانی کەرکوك کە بەدەیان ساڵە ئاوارە بوون نەگەرێنەوە بۆشوێنی باوباپیرانیان ئەمەش پشت بەستن بە کەناڵی تورکیا کە لە پەلەقاژێدایەو هەموو ڕۆژێك بۆ گەورەکردنی کێشەکان سەدان کاری تێکدەرانە لە هەموو بوارەکان بەئەنجام دەگەیەنێت تەنها بۆئەوەی کەرکوك نەکەوێتەوە سەر باشووری کوردستان, بە هەرحاڵ خۆئەوەی منیش بزانم تاڵەبانی لە سەنعان دەجاڵ بە تەمەن ترە خۆئەگەر سەنعان دەجال شێخ بێت تاڵەبانیش خۆ کوڕی شێخە ئەمەش لە عورف و عادەتی شێخایەتی بۆ ماوەیە.؟ بەڵام من سەرم لەوە سوڕدەمێنێت ئەگەر تاڵەبانی بیەوێت بە دەست ماچ کردنێك دڵی تورکمان و  تورکیا لە خۆی ڕازیبکات شوێنی گاڵتەو پێکەنینە, بۆیە هەموومان باش سیاسەتی تورکیا لە ڕابووردوو هەتا ئێستا ئەزانین کە هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەر نەهاتووە بەرامبەر بە کێشەی کورد, ئەمە لە ناوخۆی تورکیا هەم بۆ پارچەکانی تری کوردستان خۆئەگەر چەند ساڵ لەمەوبەر پاکانەی هەردوو پارتەکەی باشوور بۆ هاتنی تورکیا وابەستە بوو بە هێزی پەکەکە لە باشوور بوو خۆ ئێستا دوو ڕاستی باش لە سەر ئاستی سیاسی ڕوون بۆتەوە, یەکەمیان بەهانەی تورکیا لەمەڕ کێشەی کورد لە هەر دەرێك بێت هیچ جیاوازی نییە بۆ تورکیا چونکە لە هەر شوێنك کێشەی کورد بەرەو چارەسەری هەنگاو بنێت و بتوانێت ڕۆژهڤی خۆی لە سەرئاستی نێونەتەوەی گرانی خۆی دروست بکات ئەوە ئەمەندە تورکیا تووشی قەیران دەبێت و ئارامی لە بەرهەڵدەگیرێت ئەمەش ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕوو کێشە نە پەکەکەیە بەڵکوکێشەی کوردە........خاڵی دووەم ئەوەیە دەساڵ شەڕ لە بەرامبەر بە پارتی کرێکارانی کوردستا لە بەرژەوەندی کێ بوو.؟ مەبەست چی بوو بۆ هەردوو پارتەکەیی باشوور.؟ کاتێك شەڕی ناوخۆی و کورد بە کوشتدان لە باشوور بەرەو قوڵ بوونە چوو بۆ بەرژەوەندی ئابووری سیاسی بنەماڵەی عەشیری خۆیان پێوویست بوو کارتێکی باش بەدەست بخەن بۆ ئەمەش کێشەی ناوخۆی تورکیا ڕۆژ بە ڕۆژ قەیران و ئاڵۆزی گەورەی لە گەڵ خۆی دەهێناو هەمان کاتیش هێزی ئازادی کورد بەرفراوان دەبوو, بۆ ئەوەی تورکیا هەناسەیەك بدات و لە دوو لاوە پاشەکەوت بکات هەت لە بەرامبەر بە شەڕی پەکەکە بە ملیون دۆلاری دایە پارتەکانی باشوور. ئەوەی تورکیا مەبەستی بوو دوژمنایەتی کردنی کوردی باکوور بەرامبەر بە باشوور بوو, لە هەمان کاتیش بە پێچەوانەوە.؟ خاڵی دووەم بۆ ئەوەی ئیرادەیی نەتەوەی لە پارچە و هەرێمەوە عەشیرەوە هەنگاو بەرەو ناسنامەیەکی نەتەوایەتی نەهاوێژێت ئەو خەونەی لە سەرەتای ساڵەکانی نەوەدەوە بەدەرکەوت هێزێك و هیوایەکی گەورەی بە گەلەکەمان لە هەر چوارپارچەی کوردستان بەخشی, بەڵام ئەم پیلانە لە لایەن هەردوو پارتەکەی باشوورەوە لە پراتیکدا گەشتە لووتکە, ئەمە نە تەنها لە سیاسەتەکانی تورکیا بەجێکرا بەڵکو لە ناو سیاسەتی ئێران پەرەی پێدراو هێنانی

هێزی پاسداران بۆ سەر پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و کۆمەڵە لە باشوور و هێنانەوەی دەبابەکانی سەددامیش بۆ ناو شاری قەڵاو منارەی پایتەختی باشووری کوردستان, بۆ ئەمەش حزبی دیموکرات و کۆمەڵەی ئێران کارتی توجاری تاڵەبانی بوو, پەکەکەش کارتی توجاری دەستی بنەماڵەی بەرزانی بوو.؟! لەم خاڵە تورکیا دەسکەوتی خۆی دەسکەوت لە سەر ئاستی دەسەڵاتە سیاسیەکان کە بەشێوەیەکی گشتی هەموو سەرکردایەتی هێزە کوردەکانی بە شێوەیەکی زۆر لە یەك دوور خستەوە و لە هەمان کاتیش کەوتنە پیلان گێڕی لە بەرامبەر بە لە ناوبردنی یەك, ئەمەش تا ڕادەیەك زۆر کاریگەری نێگەتیفی کردە سەر ڕۆحی نەتەوایەتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان..! شەڕی و پیلانگێڕی لە بەرامبەر بە هێزەکانی تری کوردی پارچەکانی تر نزیك دەساڵ لە بەرژەوەندیەکی توجاری هەردوو پارتەکەی باشوور بوو کە بۆ بەرژەوەندی و مانەوەی خۆیان بە کاریان دەهێنا, هەمان کاتیش ئەم ئاژەوەگێڕو شەڕەیان بە شێوەیەکی ناودەبرد و پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد و هێنانی پاسدار و شەڕی پەکەکەیان بە سیاسەت و بەرژەوەندی گەل ناودەبرد, ئێستاش ئەگەر بڕوانینە قسەوچاوپێکەوتنەکانی تاڵەبانی لە تورکیا دوو بارە بوونەوەی هەمان سیاسەتە گەندەڵەکانیەتی لە ژێر ناوی بێدەنگ کردن و ڕازی کردنی تورکیا لە مەڕ کێشەی کەرکوك, بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی وورد بڕوانیەنە پێشهاتە سیاسیەکان لە باشوور ئەوە باش هەست دەکەین کە تاڵەبانی دەیەوێت بۆ هەڵبژاردنەکانی دەمی داهاتوو بڕێك دۆلار بە دەست بخات بۆ ئەوەی لە پێناو بە دەست خستنی کورسی بە کاری بهێنێت و خۆی لە باشوور ببێتە دەسەڵاتدار.....؟!

لە دیکۆمینتاری تاڵەبانی خاڵێکیتریش هەیە کە لە نزیك ناوچەی کۆیە گوندێك بە تورکمانان دەفرۆشێت کە وەفدێکی میتی تورکیاش لە گەڵ سەنعان دەجالدایە کە توجارەت دەکەن و تاڵەبانی لە زاری خۆیەوە دەڵێت بابڵێن کوردستانمان فرۆشت ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە تاڵەبانی دەیەوێت بە شێوەیەکی گەڵتە جاڕی کوردستان بکاتە موڵکی خۆی و تووجارەتی پێوە بکات ئەوەتەی ئەم کابرایە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست هەرخەری فرۆشتن خوێنی کورد بووە. بەڵام ئەمڕۆ ڕەوشی سیاسی لە ناوچەکە هەندێك گۆڕانکاری بەسەرهاتووە تاڵەبانیش ناتوانێت بە سەری خۆی ئاژەوەگێڕی بکات و شەڕ بەردەوام بکات لێرەشەوە ڕێگەی بازرگانی بە خوێنی کوردەوە ئاستەنگی بۆ دروست دەکات بۆ ئەمەش پێوویستە بەرلەوەی حوکمەتی عێراق و باشووری کوردستان مەشروعیەتێکی سیاسی و یاسای جێگیر بکات مامە دەستی خۆی لە فرۆشتنی خاکی کوردستاندا دەوەشێنێت تا بتوانێت پارەیەکی باش بەدەست بخات, لە لایەکی ترەوە ئەگەر کەسێك خۆی بە سەرکردەو سەرۆکی پارتیەك بزانێت و لە هەمان کاتیش موخەتەبی سیاسی و دەمڕاستی کورد بێت و بە سالآنێك لە پێناوی کورد خەباتی کردبێت چۆن بە ئاسانی دەتوانێت بڵێت کوردستانمان فرۆشت لە بەردەمی دوژمندا, بە ڕاستی ئەم ووشەیە تەنها شایستەی کەسێکە کە خاوەن هیچ پرانسیپ و ئەخلاێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە, خۆ ئێمەی کورد لە سەردەمی کۆیلایەتی ڕۆما ژیان بەسەر نابەین تا لە ناو گۆڕەپان سەرشەقامەکان وەك حەیوان بازرگانیمان پێوەبکەن, ئەمەش بە پێی مافەگەردوونیەکان بە ئەقلیەتێکی هۆڤانە بە ناو دەکرێت و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤە, هەموومان بیستومانە کە کەسێك بازرگانی بە خوێنی مرۆڤەوە بکات سزاکەی چەندەیە و بە شێوەیەکی چۆنیش هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکەن.......

کاتێك تاڵەبانی لە زاری خۆیەوە دەڵێت بابڵێن کوردستانمان فرۆشت ئایە ئەمەی تاڵەبانی دەیکات چ هونەرێکی سیاسی و ئەخلاقی کیایە ئەوەی ئەمڕۆ شانازیی بە کەسایەتیەکی واوە بکەین کە لە بەرامبەر بە دوژمنانی کورد چۆن سەری لە بەر پێڵاوەکانیان دادەنەوێنێت و لە هەمان کاتیش لە بەرامبەر هێزێکی تری کوردی چۆن خۆی ڕادەوەشێنی و هیچ ئیمکانی نییە بۆتۆزقاڵێك سازش بکات لە بەرژەوەندیە بۆگەنەکانی خۆی.! کە لە کەسایەتی ئەم جانەوەرە خۆی مات کردووە بە ڕاستی هەژدیهایە بەرامبەر بە گەلەکەمان و لە هەمان کاتیش مێشوولەیەکیش نیە لە بەرامبەر بە دوژمنان.

کاتێك ناتوانم هیچ پێوانەیەك بۆ ئەم کەسە نیشان بکەم و لە هەمان کاتیش خۆی بە سەرکردە بزانێت ئەبێت چ بۆ بنووسین کە شایەنی بێت کاتێك کە باس لە فاحیشەیی ئەم جانەوەرە دەکەم ئەوەیە ئەمەندە زۆرە کە ناتوانین بە دەیان کتێب پڕیان بکەینەوە یان هیچ ووشەیەك نەبێت شایەنی بۆگەنی ئەم کابرایە بێت, بۆیە ناچارماوم لە زۆر شوێنی نووسینەکەم پانا ببەمە بەرهەندێك ووشە کە لایەقی خۆێنەری بەڕێزی نابینم بەڵام مەجبوورماوم, لێرەشەوە داوای لێبووردن لە خوێنەری بەڕێزدەکەم....